**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبـان**
**بەناوی گەلــەوە**
**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق**

پشــت بــەو یاســایــەی ئەنجومــەنی نیشتمانیی كوردســتان– عـیراق دایـنـاوەو بـەپێی حـوكمی مــادە دە/یەكــەم لــە یاســای ژمــارە(١)ی ســاڵی ٢٠٠٥، یاســای ســەرۆكایەتی هــەرێمی كوردســـــــتان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچــوانــد:

## یاســای ژمــارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦
## یاسای وەزارەتی گواســتنــەوەی هەرێمی كوردستان ـ عێــراق

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ، ئەو واتایانەی بەرامبەریانە :

**یەكەم:**هەرێم : هەرێمی كوردستان– عێراق.

**دووەم:**ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم .

**سێیەم:**وەزارەت : وەزارەتی گواستنەوە.

**چوارەم:**وەزیر : وەزیری گواستنەوە.

**پێنجەم:**بریكار : بریكاری وەزارەت.

**شەشەم:**دەستەڵاتەكانی وەزارەت : وەزارەت ، خۆی لە هەموو كاروباری گواستنەوە بەرپرسە لە هەرێمدا بە هەموو جۆرەكانیەوە ،.

**حەوتەم:** گواستنەوەی زەمینی :گواستنەوەی گەشتیاران و رێبواران و شتومەكە ( بضاعة) بە هۆی ئۆتومبێل وشەمەندەفەران لەناوەوەی شاران و لە نێوان شارەكانی هەرێم و دەرەوە ، هەروەها لە دەرەوەی عێراقیشدا.

**هەشتەم:** گواستنەوەی ئاسمانی : گواستنەوەی گەشتیاران و شتومەكە لە نێوان فڕۆكەخانەكانی هەرێم و عێراق و دەرەوەیدا .

**نۆیەم:** گەراج : ناوچەیەكی دیار كراوە لە زەوی و بینایەو سەر گیراوی لەسەر دروست كراوە بۆ ئاسانكاری كارەكانی و گواستنەوەی گەشتیاران لەناوەوەو نێوانی شارەكان و دەرەوەیدا .

**دەیەم:** فڕۆكەخانەی نێو دەوڵەتی : فڕۆكەخانەیەكە ، حكومەت لە هەرێمدا دیار دەكا بۆ جموجۆڵی ئاسمانی بەرەو ناوەوەو دەرەوەیدا . رێكارەكانی پەیوەست بە گومرگ و كۆچبەری و ، تەندروستی و ، حیجری تەندروستی بۆ ئاژەڵان و ، رووەكان دەگرێتە بەر و لەگەڵ رێكاری دیكەی هاوشێوەیان .

**یازدەم:** فڕۆكەخانە : گۆرەپانێكی دیار كراوە لەسەر رووی زەوی یان لەسەر رووی ئاودا ، بینایەو دامەزراوو ئامێرو ئامرازی تێدایە . هەمووی یان بەشێكی بۆ گەیشتن و دەرچوون و جموجۆڵی فرۆكە تەرخان كراوە .

**ماددەی دووەم :**

ئامانجەكانی وەزارەت:

**یەكەم:** دامەزراندنی تۆڕەكانی هێڵی ئاسنی و ، بەستنەوەیان لەگەڵ شارەكانی عێراق و دەرەوەیدا . هەروەها دابینكردنی هەموو پێداویستیەكانی لەخانوبەرە .

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم:** رێكخستنی كەرتەكانی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانی .

**سـێیەم:** سەرپەرشـتیكردنی گەراجـەكانی گواسـتنەوەی شـتومەك و گەشـتیاران و بینـاكردن وبەكرێدانی گەراجەكان.

**چوارەم:** رێكخستن وكارگێڕیە ئاسمانیەكان و فرۆكەخانە مەدەنیەكان .

**پێنجەم:** فەراهەمكردنی پێداویستیەكانی بەرێوەبردنی جموجوڵی ئاسمـانی بـە جۆرێك ، كـە سەلامەتی و خۆشرەوشیەكەی بە شێوەیەكی خێراو رێك و پێك زامن بكات .

**شەشـــەم:** دامەزرانــدن و سەرپەرشــتیكردنی فرۆكەخانـــەكان بــە پێــی ئـــەو رێوشــوێنە نێودەوڵەتیانەی كە لە رێكخراوی ICAO پشتی پێ بەستراوە .

**حەوتەم:** دانانی سیاسەتی گشتی بۆ گواستنەوەو ، سەرپەرشتیكردن لەسـەرجێبەجێكردنی و ، هاوكاری كردنیش لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەكاندا .

**هەشتەم:**چاكردنی ئاستی بەجێ گەیاندنی گواستنەوە و دانـی مۆڵـەت جگـە لـە گواسـتنەوەی گەشت و گوزار ، بە پێی ئەویەندو بەستانەی كە وەزارەت دەریان دەكات .

**نۆیەم:**بەپێی رەوش ورەفتاری نێودەوڵەتی، دامەزراندن و فراوان كردن وسەرپەرشـتی كردنـی وێستگەكانی كەشناسی و چاودێری بومەلەرزە وئـامرازو ئـامێری پێویستی بۆ دابـین دەكات.

**دەیەم:** هاوبەشی كردنی لایەنەكانی پەیوەندیدار لە پاراستنی ژینگەدا .

**یازدەم:** هاندانی ململانێ و خەمڵاندنی توانای ململانكاریەكە لە رێگـەی كۆمپانیاكـان و كـەرتی تایبەتەوە بە جۆرێك كە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بكات.

**دوازدەم:** دانانی هەموو رێنماییە زەروورەكان بۆ زامنكردن و وەگەرخستنی فرۆكەخانەكان ، بە پێ ی سیاقاتی كارپێكراوی نێودەوڵەتی .

**سێزدەم:** چاكردنی ئاستی بە جێ گەیانـدنی گواسـتنەوەی ئاسمـانی و ، دۆزینـەوەی چـاكترین شێوازی گۆرین .

**چواردەم:** ئیجازە بە كۆمپانیاكانی ئەو هێڵە ئاسمانیـە دەدات كـە بۆ مەبەسـتی باشـتر كردنـی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا بكەونەكارو، هەروەها هەموو جۆرە نوسینگەكانی ووشكانی.

**پـازدەم:** رێز لـە بـە جێهێنـانی گـشت پێكهاتـە نێودەوڵەتیـەكان دەگرێ كـە پێوەنـدیان بـە گواستنەوەی ئاسمانی و گواستنەوەی سەرزەمینەوە هەیە .

**شازدەم:**سەرپەرشتی نوسینگەكانی گواستنەوە لە هـەموو خاڵـەكانی پەرینـەوەی سـنورەكانی هەرێمداو وەرگرتنی كرێ و مزە (الرسوم) وبەكارهێنانی مەنەفێست بەپێ ی یاسـاكان وبەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان.

**ماددەی سێیەم :**

**یەكــەم : وەزیــر :** سـەرۆكی باڵـاو، بەرپرسـی ئـیش وكـارو ئاراسـتەكردنی سیاسـەت و، سەرپەرشتیكردن ورقابەكردنی وەزارتەكەیەو هەموبڕیار وفرمان ورێنماییەكانیش پێوەندیان بە ئەرك و فرمان وپێكهاتەو سەلاحیات و،كاروباری دیكەی هونەری و دارایی وئیداری و رێكخستنی وەزارەتەكەوە، هەیە، بـەپێی حوكمـەكانی یاسا،لە وەزیرەوە دەردەچێ.وەزیر بەرپرسـە لەبـەردەمی ئەنجومـەنی وەزیراندا،چونكە خۆیشی ئەندامێكی هاوكارە لەوئەنجومەنەدا.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم : بریکاری وەزارەت :** لە چوارچێوەی سەلاحییات،کەوەزیر پێی دەسپێریّ، یاریدەی وەزیر دەدات، لە ئاراستە کردن و، سەرپەرشتی کردنی کاروباری وەزارەتەکە.

**سێیەم: راوێژکارەکان :** لە چوار کەس زێتر نابێ، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆییان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی راوێژکاری :

ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت لەمانە پێك دێت :

**یەکەم:** وەزیر/ سەرۆك .

**دووەم:** بریکاری وەزارەت / جێگری سەرۆك .

**سێیەم:** سەرۆکی دامەزراوەی فرۆکەخانەی مەدەنی لەهەرێم / ئەندام .

**چوارەم:** بەڕێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتەکە / ئەندام .

**پێنجەم:** بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی/ ئەندام

**شەشەم:** راوێژپێکراوان و شارەزایانی بواری گواستنەوە لەناو وەزارەت و لەدەرەوەی لەوانەی کە ئەنجومەن ئامادە بوونیان بەزەروور دەزانێ بەمەرجێ لە چوار ئەندام تێنەپەڕن و ماف دەنگدانیان نیە/ ئەندامن

**ماددەی پێنجەم :**

پێکهاتەکانی وەزارەت:

وەزارەت لەمانە پێك دێت:

١) نووسینگەی وەزیر : فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٢) نووسینگەی بریکاری وەزارەت : فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری ودارایی:فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون وپسپۆڕیش بێت.

٤) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی ووشکانی و هێڵەکانی ئاسن: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون وپسپۆڕیش بێت.

٥) بەڕیوەبەرایەتی گشتی پێشبینی( الانواء) کەشو هەواو بومەلەرزە:فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون وپسپۆڕیش بێت.

٦) دەزگای فرۆکەوانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان:فەرمانبەرێ بەپلەی تایبەت سەرۆکایەتی دەکا و بەڕێوەی دەبا کە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ و راستەخۆ بەوەزیرەوە پەیوەست دەبێ و پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسا رێك دەخرێ.

٧) بەڕیوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

٨) بەڕیوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم :**

ئەرکوفرمان و ئیشە تایبەتیەکانی و پێکهاتەی وەزارەتەکە بەپێڕۆ دیار دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم :**

وەزیر، بۆی هەیە، بەرێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە، لە پێکهاتەی وەزارەتەکەدا بەپێی پێداویستی ئیشەکانیان، بکاتەوە، یان یەکیانبخات یان پوچەڵیان بکاتەوە.

**ماددەی هەشتەم :**

وەزیر بۆی هەیە، رێکەوتنامەوە گرێ بەست لەگەڵ کۆمپانیاو لایەنە بیانیەکان لە بواری گواستنەوەدا مۆربکات دوای وەرگرتنی رەزامەندنی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی نۆیەم :**

هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ کاری پێناکرێ .

**ماددەی دەیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی یازدەم:**

ئـــەم یاســـایـــە ، لـــە رۆژی دەرچـــوونـیـــەوە دەخـــرێتـــە کـــارو لـــە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ەوە ، بڵاودەکرێتەوە.

**مەسـعود بـارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان - عێـراق**

لە رۆژی ١٩/١٠/٢٠٠٦ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٧ /رەزبەر/٢٧٠٦ ی کوردی

**- هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە -**

لەبەر ئەوەی، وەزارەتی گواستنەوە لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا، تـازە دانـراوەو، بۆ ئەوەش، کە دامودەزگاکانی ئەم وەزارەتـە نوێیـە، بـەپێی ڕەوشـی یاسـای هـەرێمی کوردسـتان، بەرەوچاکتر بگۆڕدرێ و، چالاکی توانستی پتر بکرێ و ئەرکوفرمانی خۆی بە ئاسانی پیادە بکاو، ئامانجە دەستنیشانکراوەکانی فەراهـەمکردن و دامەزرانـدنی تۆڕەکـانی هێڵـی ئاسـندا بێتـەدی و کاروباری ڕێگای ئاسمانی و فرۆکەخانە مەدەنیەکان ڕێك بخرێن و سیاسەتی گـشتیی گواسـتنەوە دابنرێ و لە، جێبەجێکردنیدا، سەرپەرشتی بکرێن و، کەرتەکانی گواستنەوەی ووشکانی (الـبری) رێگاکـانی ئاسمـانی رێـك بخـرێن و، گواسـتنەوەی سـەفەر کـاران و شمـەك (البـضائع) بەهـەموو جۆرەکانیەوە، لە ناو شارەکانی هەرێم و، لە نێوان شارەکانی هەرێم و دەرەوەیدا، بـەڕێکوپێکی بەڕێوەبچێ و، هـەموو کاروباری گواستنەوە، بەم وەزارەتـە تازەیـە بـسپێردرێ، لەبـەر ئـەوەی بەزەروور زانرا، یاسایەك دابنرێ، کە ئەرکوفرمانی ئەم وەزارەتە نوێیـەو بەڕێوەبەرایەتیەکانیشی دیار بکات، بۆ وەدەستهێنانی هەموو ئەو ئامانجانە، ئەم یاسایە دانرا.

ئـەرشـیـفـی ڕۆژنـامـەی وەقـایـعـی کـوردسـتـان
www.mojkurdistan.com